# کاک  عادل باخەوان

# ئایا سۆران عومەر ئەحمەقی کولتورینیە ؟



## شەهید کاولوسی



(گارفینکێل) نایەوێت ئەوڕاستییە خوراوەی دیوی دووهەمی هۆشیاری کۆمەڵایەتی بدوێنێ کە لەئاست ڕوبەڕو بونەوەیدا لەگەڵ کولتور توشی تەشەنوجی ئەقلاَنی بووە,( گارفینکێل ) ڕۆڵی ڕۆشنبیر لەوشێوە جاسوس کارییە دەگێڕێتەوە بۆ بونیادێکی تر کە ستراکتوری خود ئاگای کامڵە, لەوێوە تاک وەک بونەوەرێکی هۆشیار پێناسە دەکات نەک وەک ئەحمەقێکی کولتوری, لێرەوە کۆی ئەو بەنیادە فیکری و فەلسەفیانەی کەپێیان وایەهۆشیاری مرۆڤ بەرهەمێکی کولتورییەو لە ڕێگەی خوێندنەوەو ڕەخنەوە دەتوانێت کولتور ئەکتیڤ بکات وەک کائینێکی زیندوو دەخاتەمەترسییەوە,کاتێک تاک کۆی بونیادە تەقلیدی و سەلەفییەکان بەهەموو پیرۆزییە کانیەوە دەکاتە موڵکی نەوەی نوێ , ئیتر ناتوانین بەوئەکتەرە کولتورییە بڵێین کائینێکی هۆشیار. کەهەر لەسەرەتاوە موزمەعیلەلەئاست بیرکردنەوەو تەئەمولو پرسیاری ئینسانی نوێ. ئینسانی نوێ دەیەوێت ,ڕابردوو,ئێستا,داهاتولەدەستی تاکە مەرجەع دەربهێنێت ,بەدیدگایەکیتر سەرجەمی ئەو بونیادانەبخوێنێتەوە کەلەژێر پێی ئەحمەقی کولتوریدا دەناڵێنن.ئەگەر لەو میتۆدەوە دەست پێبکەین کەڕەخنە هەرلەسەرەتاوە هەڵگری شوناسێکە ,شوناسی ڕڤەکردنی فیکر وەک پرۆسەیەکی کەشفکەر، لێرەوە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ میتۆدۆلۆژیەکی زانستی کەبەرهەمی فیکرو فەلسەفەی مرۆڤایەتییەمادەم پێمان وایە,گومانکردن، پرسیار، تەئەمول جەوهەری دروست بونی ئەو کائینەیەکەپێی دەوترێت فەلسەفە، ڕەنگەئەوەش خاڵێکی تەواوئاشکرابێت کەپرۆژەی فیکری و مەعریفی بەبێ ئاستێکی هۆشیاری پێشوەخت دروست نابێت، کاتێک دیراسەیەکی فیکری دەخوێنینەوە زەرورەتێکی مەعریفی داوامان لێدەکات بەدوای مەنهەجی ئەودیراسەدا بڕۆین , بەدوای ئەو مەداریسەفیکرییانەدابڕۆین کەنوسەر خستویەتیە خزمەتی دیراسە فیکرییەکەیەوە، منی خوێنەر ناچارم بپرسم بەکام میتۆدۆلۆژی زانستیەوە بونیادێک دەخوێنیتەوە؟لەدونیایەکدا سەرلەبەری ئاستەکان، خیتابە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان تێکەڵی یەکبوون و هاوشانی یەک دانیشتون جیاواز نین لەخوێند نەوەیان بۆ ڕابردو، ئێستا، داهاتوو، دونیایەک، میتۆد، فیکر، مەعریفە دۆڕاو ترین زۆلی ئەم بونیادانەن، چۆن دەتوانین بڵێین ( گارفینکێل) دروست ئەوە دەسەلمێنێت کەئەکتەرە کۆمەلأیەتیەکانی ئێرە ئەحمەقی کلتوری نین، ڕەنگەئەوفەوزای نوسین وگەڕەلاوژەی بلأوکردنەوەیەڕێگە خۆشکەرێکی باشبێت بۆئەوەی نەتوانین دیراسەیەکی فیکری لەخوتبەی مەلای مزگەوتێک یان سەرکردەیەکی سیاسی یان قەڵەم بەدەستێکی نەخوێندەوار جیاکەینەوە، سەیر نییە لەڕۆژ ئاوا قەڵەم بەدەست بەرلەوەی بیەوێت بنوسێت لەلایەن چەندین ئۆرگانیزمی جیدیەوە ئاستی هۆشیاری نوسەر پلەی دیپلۆمی نوسەر میتۆدی تەخەسوسی نوسەر بخرێتەبەر باسوو تاقیکردنەوەی جیدییەوە وەک چۆن جێگەی سەرسوڕمان نییەلەدونیایەکدا ئەم ئاستانە وونە پرۆسەی بەرهەمهێنانی مەعریفە بێمانایە ئەحمەقەکلتورییەکان قاقا پێدەکەنن ,(باخەوان)چۆن ئەو گاڵتە جاڕییەی( سۆران) دەخوێنێتەوەلەکاتێکدا ناویدەنێت کائینێکی هۆشیار کەبەبڕوای من ئەوەی ئەو فیشقیاتەی سۆرانی خوێند بێتەوە باش لەوڕاستییە تێدەگات کەهەتا ئەمڕۆ( سۆرانەکان) ئەحمەقی کلتورین،ئاخر ئەحمەقی کلتوری ئەو ماشێنە ماندوانەن کەدەیانەوێت قوتابخانەکان کتێبخانەکا دەزگاکان یاریگاکان....هتد پڕ کەنەوەبەپەیکەری سەلەفیەت,ئەحمەقی کلتوری کاری گوێزانەوەی دروشمەکان و دەقەکان و عاداتەکان و بونیادەکانە وەکو خۆی ، ئەحمەقی کلتوری ئێشدەکات بۆگێڕانەوەی سبەینێ ئێشدەکات بۆ سیستماتیزە کردنەوەی هۆشیارییەکی تێپەڕ کار دەکات بۆگێڕانەوەی دوێنێ و پەلبەستنی ئەمڕۆ  ئەوەی جێگای سەرسوڕمان نییە کۆششی ئەو خێڵە ماندووەیە کەلەژێر چادری سەلەفیەتداکاردەکەن تێکۆشانی تیرە سەلەفیەکان مۆرکێکی تایبەتیان نییە نیشتیمانێکی خاسیان نییە وەکچۆن ئایدۆلۆژیاو مەبدەئو دینێکی تایبەت بەخۆیان نییە، مەیلی سەلەفیەت دەکرێت لای فەرەنسییەکی مۆدێرن لەلوتکە دابێت لای ئەڵمانییەک دەکرێت خواستێکی شێتانەبێت وەک چۆن لای( سۆران) هەوڵێکی مەردانەیە ,لێرەدا ئەمەوێت بڵێم کاتێک فیکرو فەلسەفە لەستراکتورێکی جیدییەوە کۆی ئەوئاستانە دەخوێنێتەوەو نەقدیان دەکات دیوی دووهەمیان ئاشکرا دەکات هەڵەیەکی گەورەیە پێمان وابێت ئەوپرۆژە فیکریو فەلسەفیانەی دوونیا توانیو یانە هەتا ئەمڕۆ بەشێکی گەورەی کلتوری کوێریان خوێندۆتەوە لەبەر ئەوەنا کەمێژوی فەلسەفەبەئاقارێکی خەمساردیدا تێپەڕیوەبەڵکولەبەرئەوەی فەلسەفە وەک ژێرخانێکی مەعریفی دەستی بەکەمترینئاستی ئەولایەنەتاریکانە گەشتووە کەسەلەفیەت خۆی لەسەر بەنیاد دەنێتەوە، بۆئەوەی بتوانین وەک ڕۆشنبیرکاری فیکری و مەنهەجی ڕستەقینە بکەین پێویستەلەخوێندنەوەمان بۆکۆی ئەو بونیادە سەلەفیانە ئاستێکی هۆشیاری جیاوازدروست بێت تائاستە کانی مەعریفە یەکلابنەوەو ئەحمەقە کلتورییەکان ئاشکرا بکرێن، ئاخر یەکێک لەپایە بەهێزەکانی مانەوەی قەڵەم بەدەست لەنێو دۆخ ڕۆشنبیری کوردیدا بریتییە لەوگوتارانەی ئاڕاستەی سایکۆلۆژیای یەکتری دەکرێت, موخاتەبە کردنی سایکۆلۆژیای یەکتر،پرانسیپی هەیکەلی ڕۆشنبیری کوردییە,فەزای ڕۆشنبیری

کوردیە. فەزایەکی بەد گومانە بەرانبەربەخۆی بەرانبەر بەوگوتارولێکۆڵینەوەجیدیانەی کەلەڕۆشنبیریکوردیشدابەرچاو دەکەوێت,ئەگەر بتوانم ئیستێک لەسەر ئەونوسینەی(سۆران عومەر) بکەم کەلەژمارەی ڕابوردوی ڕۆژنامەی هاولاتیدا لەسەرلێکۆڵینەوەیەکی (عادل باخەوان)بلاۆوی کردەوە، ئەومەهزەلەیەمان بەرچاودەکەوێت کە(سۆران)چەندە دەست بەتاڵە لەنێو کایەکانی مەعریفەدا,ئەوبونیادەی (سۆران)لەسەری شەڕەتەقەدەکات بونیادی دادگاییکردنی ئەوانیترەلەسەرفیکرلەسەرمەوقیفی هۆشیاری تاک لەئێستایا,بونیادێکە باوەڕییەئازادی فیکروجیاوازی بیرکردنەوەنییەکەتەنهالەلای ئەحمەقەکلتوریەچاوبەستراوەکان جێگای پیرۆزییە,دادگایی کردنی باخەوان لەسەرئەوەی فەترەیەکی زەمەنی هەڵگری جۆرێک لەبیروڕاوتێگەیشتنێکی تایبەتبووە بۆدونیا وەک ئەوەوایە(فۆکۆ) دادگایی بکەین لەسەرئەوەی لەفەترەیەکی زەمەنیدا مارکسیستێکی خوێنگەرم بووە,پاشان بووە دژەمارکیسیزمێکی چالاک,لەکلتوری ڕۆشنبیری دونیادا لەمجۆرەنموونانەتەواو زۆرو بەرچاون بەلاّم نامەوێت ئەم گوتارەبەنموونە گەلێکی لەمجۆرە درێژکەمەوە ,وێڕای جیاوازی تەواوم لەگەڵ ئەومیتۆدە سوسیۆلۆژییەی کەباخەوان پەنای بۆبردووەبۆلێکۆڵینەوەکەی پێموایە جێگایمشتومڕێکی فیکری جیدییە دوورلەموخاتەبەی سایکۆلۆژی, کاتێک سۆران دەردەکەوێت بازئەدات بەسەر ئەوکۆنسێپتە تاکڕەهەندوو,تاک ماناو,تاک مەودایانەدا، ناتوانێت لەنێو کایەکانی مەعریفەدابدوێت,بۆیەڕاستەوخۆ کلتوری کوێردەکات بەگژ(باخەوان) داودادگایی دەکات, دەتوانم بڵێم (سۆران) نەک نوسینەکەی (باخەوان) ی نەخوێندۆتەوەبەڵکو ناشتوانێت لێی تێبگات ,لەبەر ئەوەناکەنوسینەکەی (باخەوان)فەزایەکی فیکریو مەعریفی ئاڵۆزی دروستکردووە بەڵکو لەبەرئەوەی هۆشیاری (سۆران)تەواو منداڵە بۆتێگەیشتن لەوکۆنسێپتە سۆسیۆلۆژی ومەعریفیانەی یەک دوونیا ڕەهەندی جیاجیایان هەیە،

ئەوخاڵەش تەواوئاشکرایەفەسادی مەعریفی وخیانەتی نوسین تەنهاپیشەی چەندکەسێکی دیاریکراونەبووەبەدرێژایی ئازادی نوسینوبلاۆوکردنەوەی کوردی ،منیش دڵنیام کەسۆران لەبیریبێت چەندینجار لەسەر ئەوخیانەتی نوسینوتەعەداکردنە لەمەعریفەئاگادارم کردۆتەوەجێیخۆیەتی لێرەدا بڵێین وەک هەمیشەتاخاوەن ماڵ دزیگرت دز خاوەنماڵی کەلەپچەکرد!!!